## ڕونکردنەوەیەکی گرنگ لەناوەندی چاکەوە سەبارەت بە خۆپیشاندانی ڕۆژی 12/16 لەبەردەم سەفارەتی ئەمەریکیدا

لە گەڵ ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی بیکەر هاملتن دا ناوەندی چاک/سوید لەگەل کۆمەڵیک ڕۆشنبیر بڕیاری دا 2006/12/16 کات 14.00 لەشاری ستۆکهۆلم خۆپیشاندانێک ساز بکات و هەموو ئامادەکاریەکی لەماوەیەکی کەمدا بۆ دابین کرا . هەرلەم ماوەیەدا بەناوی نوێنەرانی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کوردو کوردستانییەکان بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندیان پێ کردین کە داخواز ن بەهاوبەشی بیکەین، کەئێمە لەسەرەتادا پیمان خۆش بوو بەتەنیا ئەنجامی بدەین تاوەکو داخوازی ڕەوای گەلی کورد کەخۆی لە سەربەخۆیی کوردستان دەبینێتەوە بکەینە دروشمی سەرەکیمان ، کە چی زۆر بەداخەوە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی خۆپیشاندانی ئێمە سەرکەوتونەبێت لەم هەموو ڕۆژەی دوای ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆندا هەمان ئەو ڕۆژەی کەئێمە بڕیارمان دابوو خۆپیشاندان ساز بکەین ، وە 2کاتژمێر پێش ئێمە کاتی خۆپیشاندانی ئەوان بوو !!؟ ئەمە جگەلەوەی لەهەموو ئەوروپادا پارتی و یەکێتی تارۆژگاری ئیمرۆشمان بڕیاری خۆپیشاندانیان نەداوە !! ، ئەوەبوو سەرلەنوێ داوایان لێکردین با بەیەکەوە ئەم خۆپیشاندانە ئەنجام بدەین .

بۆیە دوای گفتوگۆکردنی ئەندامانی چاک و ئەو کۆمەلە ڕۆشنبیرە بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا دوو داخوازی نەچێتە بەردەم ئەمەری‌کیەکان بڕیارماندا خۆپیشاندانەکە بکەینە یەک و2 داخوازیمان ئاراستەیان کرد ، کە ئێمە هە لوێستی سە رۆکی کوردستان وعێراقمان پێ باشە ، بەڵام ئێمە خۆپیشاندان بۆ پشتگیری ئەوان ناکەین ، چونکە ئێمە دژ بەو هەنگاوەین کەکۆمەلگای کوردی بەپیرۆزکردنی سەرکردە پەروەردە بکرێت و وەئەم شێوە مامەلە یە کارەساتی بەسەر گەلانداهێناوە، وە ئەوەمان پێ ڕاگەیاندون کە خودی خۆپیشاندانەکە گەورەترین پالپشتیە بۆ هەلوێستی ئەوان ئەگەر دەتانەوێت حزبیانە بیر نەکەنەوە ، و ئازارەکانی ئێمەش ئازاری گەلێکە کەلەم ڕاپۆرتەدا زۆربەی بەندەکانی دژ بە داخوازیە سەرەکیەکانی گەلەکەمانە وە خالێ دوەمیشمان ئێمە داخوازین کە داوا لە ئەمەریکا بکرێت بەفەرمی مامەلە لەگەل کێشەی کورد بکات سەرەنجام لەدواین ڕۆژدا هەردولا ڕێک کەوتین کە ناوەڕۆکی نامەکە لەسەر ئەم 2 خالە بێت

مەترسی جێبەجێ کردنی ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن لەسەر کوردستان وناوچەکە ئاماژەی پێ بکرێت داواش لە ئەمەریکا بکەین کە بەفەرمی مامەلە لەگەل کێشەی کورد بکەین .

ڕۆژی خۆپیشاندان ئەگرچی بەداخەوە لەو ژمارە زۆرەی ڕەوەندی کورد تەنیا 100–150 کەس هاتبوون لەکاتێکدا ڕاگەیاندنەکەبەناوی 80 پارت و ڕیکخراوی کوردستانی بووا!!؟ ئەمە جگەلەناڕیکی خۆپیشاندانەکە لەنەبونی هیچ بلندگۆیەک ، دروشمدانێک، سەرەرای هەموو ئەمانەش دوای تەواکردنی خۆپیشاندانەکەی ئەو هەموو پارت وڕیکخراوەدا زیاتر لە 10 دروشمیان لەژێر دیوار بەجێهێشتبوو کەئەمە کارێکی زۆر ناشارستانیانە یە.

لەهەمووی کارەسات تر نوێنەرانی پارتی ویەکێتی کاتێک دەقی بەیانامەی خۆپیشاندانەکە یان خوێندەوە زۆر پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنە بوو کە بڕیارمان لەسەر دابووا!!؟ کەهەریەکێکیان وتاری دەخوێندەوە ئەوەندەی ستایش بوو بەسەر مامەو کاکە ئەوەندە دژ بەراپۆرتی بیکەر هاملتۆن وبەفەرمی ناساندنی کێشەی کورد نەبوو !!؟ ئەمەجگەلە هەلگرتنی کۆمەلێک دروشم کە هیچ قسەوباسێکی لەسەر نەکرابوو وەک دیموکراسی بۆ عێراق ... هەر بۆیە لێرەدا ئێمە بەتوندی ڕسوای ئەو هەلوێستەیان دەکەین پێشمان وایە جگە لەناشیرین کردنی خۆیان هیچی تریان سود نەبینی.

بۆیە نوێنەری ئێمە لەگەرمەی خوێندنەوەی وتارەکانیان بە نوێنەرانی پارت وڕێکخراوەکانی ڕاگەیاند ئەمە فێلکردنێکی سیاسی بوو لە ئێمەو بۆخودی خۆشتان باش نیە بەو ئەقلیەتە مامەلە دەکەن ، بۆیە سەرلەنوێ بڕیارماندا ئێمە بەردەوام بین لەسەر خۆپیشاندانی خۆمان سەرەرای ئەوەی ڕاگەیاندنێکی

**هاوبەش دەرکرابوو کەپێکەوە ئەم خۆپیشاندانە دەکەین و وە خەلکێکی زۆر لەئەنجامی بونی دەمەقاڵی لەنێوان هەردولامان خۆپیشاندانەکە ی بەجێ هێشت و زۆرێک لەهاوڕێیانی ئێمە لەشارەکانی تر لەبەر نەگونجانی کاتەکە وتیان ناتوانین بێین سەرەنجام  زیاتر لە30 ئەندام و دۆستانمان  بۆماوەی 3 کاتژمیر  لە بەردەم سەفارەت ماینەوە تاداخوازیە سەرەکیەکانی خۆمان گەیاندە بەرپرسانی ئەمەریکی کە خۆی لەوە دەبینیەوە بێ بوارنەدان بە گەلی کورد کەدەولەتی نەتەوایەتی خۆی ڕابگەیەنێت زۆر ئاستەمە ئاشتی و دیموکراسی لەناوچەکە بێتەدی .**

**هەرلێرەشدا داوای لێ بوردن لەهەموو ئەو هاولاتیە دلسۆزە کوردانە دەکەین کەدوای کات15،00 هاتبوون بۆ ئەو شوێنەو ئێمە نمابوین .**

**ناوەندی چاک /سوید**

**کۆمەڵیک ڕۆشنبیر لە سوید**

20061217

**بەشێک لەخۆپیشاندەرانی چاک و کۆمەڵیک لەڕۆشنبیران**






پاشماوەی دروشمەکانی پارتی ویەکێتی لەبەردەم سەفارەتی ئەمەریکیدا




DEMOKRATI
I IRAK -
FEDERATION
FÖR KURDER